# بەها كۆمەڵایەتییەكان، لە ڕوانگەی زانایانی كۆمەڵناسییەوە

## توێژینەوەیەكی تیۆری شیكارییە

## (توێژینەوەیەكی هەڵێنجراوە، لە نامەی ماستەرەوە وەرگیراوە)

پشتیوان محمود قادر

Pshtiwanmahmood88@gmail.com

خوێندكاری ماستەر بەشی كۆمەڵناسی، كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی سلێمانی، هەرێمی كوردستان ، عێراق.

پ.د. نجاة محمد فرج

Najat.faraj@univsul.edu.iq

زانكۆی سلێمانی ,كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەكان, بەشی كۆمەڵناسی

بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٨/٣ بەرواری وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوكردنەوە: ٢٠٢٥/٩/١٠

**پوختەی توێژینەوەكە**

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەكی وەسفی شیكارییە، باس لە شیكردنەوەی ڕۆڵی بەها كۆمەڵایەتییەكان لە ڕوانگەی زانایانی كۆمەڵناسیەوە دەكات، چونكە بەها كۆمەڵایەتییەكان بابەتێكی سەرەكییە لە ئاراستەكردني ڕەفتاری تاك و كۆمەڵدا، كە سـەرەتا لە نێو خێزانەوە وەك یەكەمین قەوارە وەریدەگرن ، كە منداڵ تێیدا فێری بەها كۆمەڵایەتییەكانی ناو كۆمەڵگە دەبێت، لە دوای خێزان دامەزراوەكانی تری كۆمەڵگە وەك خوێندنگە، دامەزراوە ئاینیەكان، كۆمەڵی هاوڕێ، دەزگاكانی ڕاگەیاندن ئەم بابەتە دەگرنە ئەستۆ. تاوەكو لەڕێگەی ئەم دامەزراوانەوە هاوسەنگی و تەندروستی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان بپارێزن. لەم توێژینەوەیەدا ڕای زانایانی كۆمەڵناسی دەربارەی بەها كۆمەڵایەتییەكان لە پەیوەندیدا بە كردار و ڕەفتاری تاكەكانەوە لە ژیانی كۆمەڵایەتیدا خراوەتە ڕوو ، بە ئامانجی ڕوونكردنەوە و تێگەیشتن لە ڕۆڵی بەها كۆمەڵایەتییەكان لە ڕوانگەی زانایانی كۆمەڵناسی ( ئەمیل دوركایم، ماكس ڤیبەر، تالكونت پارسۆنز). ئەم زانایانە ڕایان وایە بە شێوەیەكی گشتی بەها كۆمەڵایەتییەكان هۆكارن بۆ یەكگرتویی و پاراستنی سیستمی كۆمەڵایەتی و كارلێكی نێوان تاكەكان، كە هۆكارن بۆ گواستنەوەی بەها كۆمەڵایەتییەكان لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی تر، هەروەها توێژینەوەكە گەیشتووە بەو ئەنجامەی كە تاك لەڕێگەی دامەزراوە كۆمەڵایەتییەكانەوە بەها كۆمەڵایەتییەكان وەردەگرێت، كە دەبنە بنەمایەك بۆ بونیادنانی كەسایەتی تاك لە كۆمەڵگەدا .

كلیلە ووشەكان: بەها كۆمەڵایەتییەكان، زانایانی كۆمەڵناسی،پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان، دامەزراوە كۆمەڵایەتییەكان. ڕەفتاری كۆمەڵایەتی.

## پێشەکی

زانایانی بواری کۆمەڵناسی و زانستە مرۆڤایەتییەکان هاوڕان لەسەر کاریگەری و گرنگی بەهاکان و، پێیان وایە بەها کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵیان هەیە، لە دروستکردنی کەسایەتی مرۆڤ و ڕێکخستن و بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی دروست و، هەوڵدان بۆ گەشەکردنی لەسەر بنەما ئاکاریی و بەهاکان هۆکارێکە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی خاوەن ڕێسا، لەم بوارەدا بەها کۆمەڵایەتییەکان لەبەر گرنگییان زۆرێك لە زانایان و کۆمەڵناسان باسیان کردووە. لەو چوارچێوەیەشدا وەك بنەمایەك بۆ باسکردنی بەها کۆمەڵایەتییەکان دەتوانین بڵێین بەها لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا پێوەرە بۆ ڕەفتارەکانی مرۆڤ و ڕۆڵی هەیە لە ئاراستەکردنی ڕەفتاری تاك و کۆمەڵگەدا، چونکە وایان لێدەکات بڕیار بدەن لەسەر ئەو ڕەفتار و کردەیە، کە ئەنجامی دەدەن. چەمکی بەها کۆمەڵایەتیەکان لە ڕوانگەی زانایانی کۆمەڵناسییەوە گرنگی و بایەخی بەرچاوی هەیە، چونکە بابەتی کۆمەڵناسی خوێندنەوەی ئەوڕاستییەیە، کە کۆمەڵگە تەنها لە ڕێگەی بەها هاوبەشەکانەوە دروست دەبێت، کە ئەوانیش بەهای بەرپرسیارێتی، دادپەروەری، لێبوردەیی، هاوکاریکردن، ڕێزگرتنە.

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی تیۆری شیکارییە دەربارەی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی زانایانی کۆمەڵناسییەوە کە پێکدێت لە سێ بەش، لەبەشی یەکەمدا ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە و پێناسەی چەمکەکان خراوەتەڕوو، هەروەها لەبەشی دووەمدا بەها کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی زانایانی کۆمەڵناسی و توێژینەوەکانی پێشوو ، لەبەشی سێیەمدا ئەنجامەکانی توێژینەوەکەو لەکۆتایدا لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕوو.

**بەشی یەکەم: ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە و پێناسەی چەمکەکان.**

**باسی یەکەم: ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە:**

**أ- کێشەی توێژینەوەکە:**

خاڵی دەستپێك وسەرەتا لە هەر توێژینەوەیەکدا بریتییە لە هەستکردن بە بوونی گرفتێك، کە لە هزر و بیری توێژەردا بەشێوەی پرسیارێك سەر هەڵدەدات (شوانی، 2015، 202). مەبەستیش لە کێشەی توێژینەوە واتە بابەت و گرفت و بوار و بیرۆکەکانی توێژینەوە زانستییەکە، ئەمەش بە یەکێك لە بنەما و بنچینەکانی توێژینەوە هەژماردەکرێت، دیاریکردنی کێشەی توێژینەوە ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە ڕوونکردنەوەو خستنەڕووی گرنگی توێژینەوەکە( عینایە، 2009، 20) .

لەو چوارچێوەیەشدا وەك بنەمایەك بۆ باسکردنی بەها کۆمەڵایەتییەکان دەتوانین بڵێین بەها؛ لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا پێوەرە بۆ ڕەفتارەکانی مرۆڤ و ڕۆڵی هەیە لە ئاراستەکردنی ڕەفتاری تاك و کۆمەڵدا، چونکە وایان لێدەکات بڕیار بدەن لەسەر ئەو ڕەفتار و کردەیە، کە ئەنجامی دەدەن. چەمکی بەها و تایبەتتریش بەها کۆمەڵایەتیەکان لە کۆمەڵناسیدا گرنگی و بایەخی بەرچاوی هەیە، چونکە بابەتی کۆمەڵناسی خوێندنەوەی ئەوڕاستییەیە، کە کۆمەڵگە تەنها لە ڕێگەی بەها هاوبەشەکانەوە دروست دەبێت، کە ئەوانیش بەهای بەرپرسیارێتی، دادپەروەری، لێبوردەیی، هاوکاریکردن، ڕێزگرتن، ڕاستگۆیی و خۆشەویستییە.

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

لەم ڕوانگەیەوە کێشـــەی ئەم توێژینەویە گەڕانە بەدوای وەڵامی ئەم پرســـیارەدا: بەها کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی زانایانی کۆمەڵناسیەوە چۆنە؟

**ب- گرنگی توێژینەوەکە:**

1- ئەم توێژینەوەیە دەبێتە دەروازەیەك بۆ دەرخســـتنی ڕۆڵی بەها کۆمەڵایەتییەکان و بەرهەمهێنانی مەعریفەی زانســـتی نوێ.

2- بەشـــداریکردنە لە بواری کۆمەڵناســـی پەروەردەدا، کە بوارێکی گرنگی خوێندنەوەی بونیادی کۆمەڵایەتییە، لە پێناو بەرجەستەکردنی کۆمەڵگەیەکی هاوسەنگ و تەندروست لە ڕووی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

**ج- ئامانجی توێژینەوەکە:**

1- شیکردنەوەی بەها کۆمەڵایەتیەکانە لە ڕوانگەی زانایانی کۆمەڵناسییەوە ( ئەمیل دورکایم، ماکس ڤیبەر، تالکۆت پارسۆنز).

2- دەرخستنی ڕۆڵی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەدا.

**باسی دووەم: پێناسەی چەمکەکان**

**1- بەها کۆمەڵایەتییەکان:**

بەها کۆمەڵایەتییەکان پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی کۆمەڵایەتیین، کە بە درێژایی مێژوو پەرەیان ســـەندووە و بوونەتە بەشـــێکی جیانەکراوە لە ناســـنامەی کۆمەڵگە. ئەم بەهایانە وەك ئامرازێکی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی نافەرمی کاردەکەن و ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە ڕێکخســـتنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دیاریکردنی سـنووری ڕەفتاری قبوڵکراو(**حســـینی، احمدی، 2021، ل.212** ). بەهـای کۆمـەڵایـەتی کۆمـەڵێك فـەرمـانی پێوەرییـە، کـە پـەیوەنـدی هـەیـە بـە نـاوەڕۆکی ژیـانی ڕاســـتەقینەوە، کە مرۆڤ بڵاویدەکاتەوە، لە ڕێگەی کاریگەربوونی بە توانا و هەڵوێســـت و شـــارەزاییە جیاوازەکانەوە، پێویستە ڕەزامەندی کۆمەڵگەکەی لەسـەر بێت لە پێناو زیاتر ڕەنگدانەوە و کاریگەری بۆ ئەوەی بچەسـپێت لە بوارەکانی ژیاندا بە شێوەیەکی گشتی( **ابو مغلی، ابو دراجة، 2002، ل.165**).

**پێناسـەی تیۆری بۆ بەها کۆمەڵایەتییەکان:** یەکێکە لە ئامرازەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی کە بریتییە لە ڕەفتاروکارلێك و بڕیاری تاکەکان لە کۆمەڵگەدا، کە دەبنە بنەمایەك بۆ بونیادنانی کەســـایەتی و کاریگەریان هەیە لەســـەر بیرکردنەوە ڕەفتاری مرۆڤ، بە گشـــتی بەها کۆمەڵایەتییەکان بەشـــێکی دانەبڕاون لە کۆمەڵگەدا ، نموونەی بەها کۆمەڵایەتییەکان بریتین لە ڕاستگۆیی، ڕێزگرتن، دادپەروەری،هاوکاریکردن....هتد.

**2- پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان:**

کارلێکی بەردەوام لەنێوان دوو کەس یان زیاتر پەیوەندی کۆمەڵایەتی دروست دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی پرۆسە کۆمەڵایەتییەکانی هاوکاری و ململانێ و ڕێککەتن ...هتد، لەنێوانیان، کە کارلێکی کۆمەڵایەتی فاکتەری سەرەکییە لە دروستبوونی پەیوەندی و بەها کۆمەڵایەتییەکاندا( السمالوطی،174،2022) . هەروەها پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان واتایەکی بەرفراوانیان هەیە و لەسەر بنەمای بەها کۆمەڵایەتییەکان پێکدێت، ئەم پەیوەندییانە جیاوازن بەپێی جیاوازی کەلتورەکان و گروپەکان (الأزرق،118،2008).

**پێناسەی تیۆری بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان:** بریتییە لە کارلێکی نێوان تاکەکان لە کۆمەڵگەدا، کە لەسەر بنەمای هاوبەشی کردنی ڕەفتارو چالاکی تاکەکان کە ژیانی کۆمەڵایەتی لەسەر دامەزراوە لە چوارچێوەی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکاندا.

**3- ڕەفتاری کۆمەڵایەتی:**

ئەو جوڵەو چالاکیانەیە کە تاکێك پێیان هەڵدەستێت بەشێوازێکی مەبەستدارانە، بە لەبەرچاوگرتنی بوونی تاکەکانی دیکە(ئەلحەسەن، 2012، 265). لە زانستی دەروونناسیدا ڕەفتار، وەك شێوازێك لە بوون یان کاردانەوەی کەسێك ناساندنی بۆ دەکرێت، چ لە ژیانی ئاسایی و چ لە بەرانبەر بارودۆخێکی تایبەتدا، کە لە ژیانیدا ڕوودەدات، ئەمەش لەسەر بنەمای پاڵنەرەکان لە نێوان کەسەکاندا( بیرو،30،2013).

**پێناسەی تیۆری بۆ ڕەفتاری کۆمەڵایەتی:** بریتییە لە کردارو چالاکی و هەڵسوکەوتی تاکەکان لەگەڵ یەکتریدا ، کە کارو کاردانەوەی لێدەکەوێتەوە .

**4- دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان:**

ئەو کۆمەڵە ڕێساو سیستەمە جێگرانەیە کە ڕەفتارو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەدا دیاریدەکەن(ئەلحەسەن، 227،2012) . هەروەها دامەزراوە بە سیستمێك لەبەهاکان و داب ونەریت و یاساکان دەوترێت ، کە ئەرکی جێگیرکردنی ڕەفتارە گونجاوەکانە بۆ بەجێهێنانی کارە بنەڕەتیەکان لە کۆمەڵگەدا( وەلەدبەگی،57،2009).

**پێناسەی تیۆری بۆ دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان:** بریتییە لە تۆڕێکی ئاڵۆزی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کە بەپێی یاسا ئەرك و ڕۆڵەکان دیاریکراون و ئەندامانی ئامانجێکی هاوبەشیان هەیە و هەوڵی بەدیهێنانی دەدەن.

**باسی دووەم: گرنگی بەها کۆمەڵایەتییەکان و سەرچاوەکانی :**

**أ- گرنگی بەها کۆمەڵایەتییەکان:**

ئاشنابوون بە بەها کۆمەڵایەتییەکان و ڕەنگدانەوەی لە ژیان و بەرجەستەبوونیان بە یەکێك لە بنەماکانی بەڕێوەچوونی پرۆسەی بەڕێوەبردنی ژیانی تاك و گروپەکان دادەنرێت لە کۆمەڵگەدا. کەواتە بەها کۆمەڵایەتییەکان کاردەکەن بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لەڕووی برایەتیی و خۆشەویستیی و میهرەبانیی و گونجانیان لە کۆمەڵگەدا، تاکەکان والێدەکات لە جیهانێکی پڕ لە خۆشەویستیی و ئارامیی و ئاشتیدا بژین و هەست و بارودۆخ و پێداویستییەکانی ئەوانی دیکە لەبەرچاوبگرن، بەهاکان وا لە مرۆڤ دەکەن ژیانێکی تەندروستانە بژین، چونکە گرنگترین پێکهاتە و دروستکەری ڕەفتاری تاکە **(بابان،2022،ل.9).**

**دەتوانین بڵێین بەها کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵێك گرنگیان هەیە لە ژیانی تاك و کۆمەڵدا ڕۆڵ دەگێڕن ئەوانیش بریتیین لە:**

1. بەهاکان بە یەکێك لە لایەنە گرنگەکان دادەنرێت لە ژیان و ڕەفتاری تاکەکان، ڕۆڵ و کاریگەری لەسەر بیرکردنەوە و تێڕوانینەکانی هەیە لەو ژینگە کۆمەڵایەتیەی، کە تێیدا دەژی.

2. بە دیاریکەری سیاسەت و ئامانجەکان دادەنرێت بە جۆرێك، کە ئەم ئامانجانە دەبێت لەگەڵ بەهاکاندا بگونجێت و هەماهەنگ بن**(العمیان،2002،ل.109).**

3. تاکەکان ئامادە دەکات بۆ هەڵسوکەوت کردن و ئەنجامدانی هەندێك ڕەفتار، بەهاکان ڕۆڵ دەگێڕن لە پێدانی شوناسێك بە کەسەکان، کە خاوەنی ئەو بەها کۆمەڵایەتییەن، کە هەڵگریەتی لە چوارچێوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەگەڵ کەسانی دەوروبەریدا.

4. یارمەتی کۆمەڵگە دەدات، کە ڕووبەڕووی ئەو گۆڕانکاریانە ببێتەوە، کە تێیدا ڕوودەدەن، هەڵبژاردنی ئەو ڕێگا دروستانەی ژیانی خەڵك ئاسان دەکەن و سەقامگیریی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی دەپارێزن.

5. کۆمەڵگە لە خۆپەرستی لە ڕادەبەدەر و مەیل و ئارەزووی بێباکانە دەپارێزێت. وا دەکات کۆمەڵگەیەك هەڵگری بەها کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و ئاکارییەکان بێت **(الجمل،1996،ل.23)**. دەتوانین بڵێین بەها کۆمەڵایەتییەکان جیاوازن لە کۆمەڵگەیەك بۆ کۆمەڵگەیەکی تر، لە هەر کۆمەڵگەیەکیشدا مانا و واتا بە ژیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەبەخشن، مرۆڤیش لە ڕێگەی ئەو مانایانەوە، کە لە بەهاکانەوە دەستیان دەکەوێت هەڵسەنگاندن بۆ ڕەفتار و هەڵسوکەوتی یەکتر دەکەن. بەها کۆمەڵایەتییەکان وەك پێویستییەکی گرنگ، کە ئەبراهام ماسلۆ (1908-1970) دەروونناسێکی ئەمریکییە پێیوایە چەمکی بەها یەکسانە بە چەمکی پێوسیتی، بەو پێیەی لەسەر پێویستییە بنچینەییەکانی مرۆڤ بونیاد دەنرێت، بۆیە بەهاکان لای تاك بوونی نابێت ئەگەر پێویستییەکی دیاریکراوی نەبێت و هەوڵ بۆ بەدیهێنانیان یان تێرکردنی نەدات **(موسی،2004،ل.37).**

**ب- سەرچاوەی بەها کۆمەڵایەتییەکان:**

مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە بەبێ کارلێك لەگەڵ تاکەکانی تری کۆمەڵگە ژیانی ئەستەمە و ئاسان نییە پێداویستییەکانی دابین بکات، کۆمەڵێك دامەزراوەی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی بوونیان هەیە، ڕۆڵی گرنگ لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا دەگێڕن و سەرچاوەن بۆ بەها کۆمەڵایەتییەکان و دەبنە بنەمایەك بۆ بونیادنانی کەسایەتی و پێدانی بەهاکان بە تاك، کاریگەریان هەیە لەسەر ڕەفتاری مرۆڤ، قۆناغەکانی سەرەتای تەمەنی هەر کەسێك گرنگترین قۆناغە بۆ وەرگرتنی بەها کۆمەڵایەتییەکان، سەرچاوەی بەهاکانیش بریتیین لەمانەی خوارەوە:

**1. خێزان:**

خێزان یەکەمین و گرنگترین دامەزراوەیە لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و نوێنەری منداڵە بۆ ڕۆشنبیرکردنی، واتە خێزان یەکەمین قوتابخانەی کۆمەڵایەتییە بۆ منداڵ و یەکەمین هۆکار و یارمەتیدەریشە بۆ پەروەردە و پێگەیاندنی منداڵ لەسەردەمی کۆن و نوێدا **(گود، 2010،ل.45)**. کۆمەڵناسی فەرەنسی ئۆگست کۆنت Auguste Conte ( 1798-1857) پێیوایە: خێزان یەکەمین دامەزراوەیە لە جەستەی کۆمەڵگەدا و یەکەم خاڵی دەستپێکردنی پێشکەوتنە، واتە باشکردنی خێزان دەبێتە باشکردنی هەموو کۆمەڵگە، تاك لە خێزاندا لەدایك دەبێت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تێدا گەشەدەکات، هەروەها جۆن لۆك John Locke (1632- 1704) یەکێکە لە کۆمەڵناسەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری پێیوایە خێزان بریتییە لە پەیوەندی و کۆبوونەوەی دووکەس لە ڕێگەی ژن و ژنخوازییەوە، کە پێکەوە گرێدراون، بە گرنگترین دامەزراوە دادەنرێت لەڕووی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە، بەرپرسە لە گواستنەوەی داب ونەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان و بیروباوەڕی باو لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر **(سدیق، 2015،ل.50)**. لەڕووی پەروەردەیشەوە یەکێك لە ئەرکەکانی خێزان، کە تیایدا گرنگە چەمکی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییە لەم ڕووەوە منداڵ گرنگی پێ دەدرێت و توانای خۆگونجاندن دەگرێتەبەر لەگەڵ چواردەور و وەرگرتنی بەهاکاندا **(وصفی،1981 ،ل. 98)**. دەوترێت خێزان یەکێکە لە هۆکارە کاریگەر و بنەڕەتییەکانی هەڵسوکەوتی مرۆڤ، کاریگەری دایك و باوك و خێزان لەسەر منداڵ تەنها بۆماوەیی نییە، دایك وباوك ڕۆڵ دەگێڕن لە ناساندنی منداڵ بە ژیان و ژینگەی کۆمەڵایەتی، پێگەی جیاوازی خێزان، بارودۆخی ژیان، بیروباوەڕ، داب و نەریت، بەهاکان، شێوازی پەروەردەی خێزان کاریگەری بنەڕەتی لەسەر هەڵسوکەوتی منداڵ هەیە **(نجاتی،2009 ،ل.54)**.

دەتوانین بڵێین خێزان لەڕووی بونیادەوە کاریگەر و کارتێکراوە بە سەرجەم دامەزراوەکانی تری کۆمەڵگە، هەر گۆڕانێك لە سیستمی کۆمەڵایەتی ڕوودەدات لەوانە سیستمی ئابوری، ئایینی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی، ئەوا کاریگەری لەسەر سیستمی خێزان دەبێت، خێزان یەکەم دامەزراوەیە لە بونیادنانی کەسایەتی بۆ تاکەکان، بەو پێیەی بەرپرسە لە دابینکردنی پێداویستی و پێدانی ڕەفتار و بەها و پێوەرەکان.

**2. خوێندنگە:**

دەزگایەکی کۆمەڵایەتی و پەروەردەییە، شایستەی لێکۆڵینەوەیە لەبەر ئەو ڕۆڵ و کاریگەریی و ئەرکەی، کە لەلایەن کۆمەڵگەوە پێی سپێردراوە، لەگەڵ گەورەیی ئەو کارانەی، کە لە خوێندنگە چاوەڕێ دەکرێت، ڕۆڵی لە دەوڵەمەندکردنی ئەو بەهایانەی، کە خوێندکار لەناو خێزانەوە وەریدەگرێت هەیە و چەندین بەهای تر زیاد دەکات، ئەم ئەرکەی خوێندنگەش بە تەواوکەری ڕۆڵی خێزان دادەنرێت **(عامر،2002 ،ل.85)**. هەر بۆیە خوێندنگە لەدوای خێزان لەڕووی کاریگەرییەوە بە دووەم کەناڵ و دامەزراوە دادەنرێت لەڕووی پەروەردە و فێرکردنەوە، چونکە لەڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە ناوەندەکانی خوێندن دەبنە جێگرەوەی خێزان بۆ دروستکردنی گەشەی کەسایەتی خوێندکار و درێژەپێدانی، لەگەڵ ئەوەشدا خوێندنگە ناوەندێکی کۆمەڵایەتییە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر خوێندکار بۆ پابەندبوون بە بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەبێت، خوێندکار دەکەوێتە ژێر کاریگەری مامۆستا و هاوڕێ و هاوپۆلەکانییەوە لەڕووی فێربوونی بەها کۆمەڵایەتییەکان و ڕەفتارەوە **(شیخاوندی،2006 ،ل.124)** .

دەتوانین بڵێین خوێندنگە ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت لەچەسپاندنی بەها کۆمەڵایەتیەکان لە نێوان خوێندکاراندا ،ئەوەش لەڕێگەی بەدابینکردنی ژینگەیەکی تەندروست بۆ پەروەردەوفێرکردن، کارلێکی نێوان مامۆستایان و کارگێڕی خوێندنگە ، دەتوانن پێکەوە سەرچاوەی بەهاکۆمەڵایەتییەکان بن، وەك ڕێزگرتن، ڕاستگۆیی، بەرپرسیارێتی، لێبوردەیی، دادپەروەری، هاوکاریکردن، خۆشەویستی ، کە خوێندکاران دەتوانن وەریبگرن، خوێندنگە دەتوانێت یارمەتی خوێندکاران بدات ، بۆ پەرەپێدانی بەهاکۆمەڵایەتی و ئاکارییەکان بۆ ئەوەی ببنە خوێندکارێکی بەرپرسیار لە کۆمەڵگەدا. ، چونکە خوێندنگە دەزگایەکی گرنگی پێگەیاندنی خوێندکارانە لەڕووی بیر و هزر و ڕەفتارەوە، مامۆستایان ئەو کارەکتەرە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیانەن، کە ڕۆڵیان هەیە لەسەر خوێندکاران لە ئاراستەکردنی خوێندکاران لە ڕوانگەی بەها کۆمەڵایەتییەکانەوە و فێرکردنیان، کە پرۆسەیەکی بەردەوامە بە درێژایی ژیانی مرۆڤ.

**3. مزگەوت:**

مزگەوت وەك ڕەمز و دامەزراوەیەکی ئاینی ڕۆڵی گەورە دەگێڕێت لە ئاراستەکردنی تاکدا بە تێپەڕبوونی سەردەمەکان وەك پێگەی هەر دامەزراوەیەکی تر لە ژیانی مرۆڤایەتییدا.مێژووی پەروەردەی ئاینەکان گرێدراوە بە دامەزراوە ئاینییەکانەوە (مزگەوت، کەنیسە)، قسەکردن لەسەر دامەزراوە ئاینییەکان قسەکردنە لەسەر شوێنێکی فەرمی، کە کاری بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی و ڕۆشنبیریی و پەروەردەی ئاینییە. ئاین سەرچاوەیەکی سەرەکی و بنەڕەتی کۆمەڵگەیە، کە نوێنەرایەتی ئاکار و ڕەوشتی تاك دەکات، بە یەکێك لە سەرچاوەکانی دەستکەوتنی بەها دادەنرێت، کە خەڵکی زۆر پشت دەبەستێت بە هاکان لەڕووی ئاینییەوە لە هەڵسەنگاندنی تاکەکان لەڕووی وەرگرتن و ڕەتکردنەوەوە (ئەمیل دورکایم) پێیوایە، کە ئاین سەرچاوەیەکی بنەڕەتیە لە دەستکەوتنی ڕۆشنبیریی، ئاینیش گوزارشتە لە کۆمەڵێك بەها، کە ڕەفتارەکانی تاك ئاراستە دەکات. بەهۆی فەرمانکردن بە چاکە و دوورکەوتنەوە لە خراپە **(أحمد،2002 ،ل.82)**. کۆمەڵناسان لەسەر ئەو باوەڕەن، کە ئاین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و لە پەیوەندی لەگەڵ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، گروپ و ڕێکخراوە و بکەرە کۆمەڵایەتیەکاندا سەری هەڵداوە، ئەمیل دورکایم لە باسکردن لە ئایندا گرنگی زیاتر بە ڕەهەندی ڕەفتاریی و ڕێوڕەسمی ئاینی (کردەی ئاینی)دەدات **(علیزادە،2017 ،ل.20)**. هەروەها جەخت لەوە دەکاتەوە لە کتێبی

sjh@univsul.edu.iq

شێوە سەرەتاکانی ژیانی ئایینیدا، کە ئایین بریتییە لە گشتێك لە بەشەکان پێکیانهێناوە، واتە سیستمێکی ئاڵۆزە لە داستان و بیروباوەڕ و ڕێوڕەسم و سروتەکان لەخۆدەگرێت، هەرچەندە بیروباوەڕە ئایینییەکان جۆراوجۆر بن هەمان ئەرك و ڕۆڵ دەگێڕن، لە هەموو شـوێنێکدا پشـتگیریی لە هاوبەندی کۆمەڵایەتی و پێکەوەبوونی تاکەکان دەکەن و بە کۆمەڵگەوە پەیوەسـتیان دەکات(**ئیسـماعیل،2004 ،ل.222**). دەتوانین بڵێین مزگەوت و دەزگا ئایینییەکان هاوشـانی دامەزراوە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکانی تر ڕۆڵیان هەیە لە گواستنەوە و دارشتنی پەیام و بیر و باوەڕ و بەهاکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، کاریگەریان لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا هەیە، کۆمەڵناسـانیش لەسـەر ئەو باوەڕەن، کە ئایین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و لەگەڵ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، گروپ و ڕێکخراو و بکەرە کۆمەڵایەتییەکاندا سـەریهەڵداوە. کەواتە مزگەوت و دامەزراوە ئاینیەکان یارمەتی تاك دەدەن بۆ هەستکردن بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و دروستکردنی گیانی هاوکاریکردن وڕێزگرتن و لێبوردەیی لەنێوان تاکەکاندا و، بەشـدارن لە خۆشـگوزەرانی و ئاشـتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەشدا.

**4. گروپی هاوڕێیان:**

هاوڕێیەتی هۆکارێکی زۆر گرنگە لە گەشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی تاکدا، کاریگەری لەسەر بەها و داب و نەریت و ڕەفتار و هەڵسـوکەوت و ئاراسـتەکردنیدا دەبێت، بەتایبەت کاتێک، کە لە قۆناغی گەشـەکردنیاندا پێداویسـتی و داواکارییەکانیان لە یەکەوە نزیکن لە پرۆسـەی کارلێکی کۆمەڵایەتیاندا (**بابان،2017 ،ل.171**). تاك لەناو گروپی هاوڕێیانیدا زۆرجار وەك ئەوە نییە لەناو خێزاندایە، واتە تاك لەناو گروپدا نە فەرماندەیە و نە فەرمانبەر بەڵکو دەبێت فێربێت، کە چۆن لەگەڵ نۆرم و شێواز و بەهاکانی هاوتەمەنەکانی، کە یەکسانن لەگەڵ ئەودا بگونجێت و ڕۆڵی هاوکارێك بگێڕێت، لەبەرئەمەشـە، کە تاك لەناو گروپدا بەنیسـبەت خێزانەوە زۆر ئاسـانتر و خێراتر فێری ڕەفتاری دیاریکراو دەبێت، لێرەوە ئەو فەرموودەی پێغەمبەرمان (درودی خودای لێبێت) دێتەوە بەرباس و جێگەی بایەخە، کە دەفەرموێت "المرء على دين خليلة، فلينظر أحدكم من يخالل" واتە (مرۆڤ لەسەر ئایین و ڕەوشتی برادەر و هاودەمی خۆیەتی، بۆیە هەریەك لە ئێوە چاوی لێبێت، کە لەگەڵ چ کەسـێك دەبێتە هاوڕێ و هاودەم (**محمد،2013 ،ل. 194** ). بۆیە هاوڕێ بە یەکێك لە سەرچاوەکانی پێدان و گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییەکان لای تاکەکان دادەنرێت، ئەوەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی، کە مرۆڤ بە سروشتی خۆی بەها و هەڵوێستی ئەو تاکانە وەردەگرێت و پەیڕەوی لێ دەکات، کە هاوڕێیەتییان دەکات، بەتایبەت لە قۆناغی منداڵی و هەرزەکارییدا، چونکە بەپێی ڕێکەوتنی گروپەکە دەستکاری بەهاکانیان دەکەن و ڕێکیدەخەن، بەمشێوە دەوترێت، کە گروپاتی هاوڕێیان یەکێکە لە هۆکارە کاریگەرەکان لە بەکۆمەڵایەتیکردنی تاك و پێدانی بەهاکان لە ژیاندا(**محمد،2012 ،ل.72**). لەبەر ڕۆشـنای ئەم باسـە دەتوانین بڵێین منداڵ لە دەرەوەی خێزان بە دوای خودی خۆیاندا دەگەڕێن بۆ تێرکردنی پێداویسـتییە مەعنەوییەکانی، کە لەناو خێزاندا لێی بێبەشـە یان ڕێگرییان لێ دەکرێت، بەمەش کۆمەڵێك هاوڕێ دەبن بە هۆکاری دابینکردنی ویسـتەکانی یەکتری ، گروپاتی هاوڕێ ڕۆڵ دەگێڕن لە چەسـپاندنی بەهاکۆمەڵایەتییەکاندا لە نێوان تاکەکاندا، بیروباوەڕو ڕەفتارەکان لە ڕێگەی کارلێك و ئەزموونە هاوبەشـەکانەوە بگوازنەوە بۆ یەکتری، بۆیە گروپاتی هاوڕێ دەبێتە یەکێك لە سـەرچاوەکانی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە گواسـتنەوەی بەهاکاندا، بەپێی ئەوەی هاوڕێیان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ یەکدا هەیە.

**5. دەزگاکانی ڕاگەیاندن:**

ڕاگەیاندن لەم سەردەمەدا، کە بە سەردەمی تەکنەلۆژیا و شۆڕشی زانستی و جیهانگیری ناسراوە، ڕۆڵێکی کارا و بەرچاوی هەیە لە ژیانی مرۆڤدا، چ لەسەر ئاستی تاك چ لەسەر ئاستی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بەگشتی. ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵیان لە پێکهێنانی کەسایەتی تاك و سروشتە کۆمەڵایەتییەکەی لەسەر شێوە و ڕەفتاری هەیە، لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییدا، ئامرازە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، سینەما، ئینتەرنێت (پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا)، کتێب و ڕۆژنامە... تاد. کاریگەرییان هەیە، لەو بابەتانەی بڵاوی دەکەنەوە و ئەو زانیاریی و ڕاستی هەواڵ و ڕووداو و بیروباوەڕانەی، کە پێشکەشی دەکەن، گەشەی هزریی و هەڵچوونی و کۆمەڵایەتی منداڵان لە ڕێگەی ئەو بابەتانەی، کە پێشکەشی دەکەن(**محمد،1999 ،ل.59**). ڕاگەیاندن ڕۆڵ دەگێڕێت بە تایبەتی لە سەردەمی ئێستادا، چونکە ئەم سەردەمە سەردەمی تەکنەلۆژیا و پێشکەوتنی بیر و هزری مرۆڤە، بە جۆرێك جیهان وەك گوندێکی بچوکی لێهاتووە، ئەمەش هەمووی لە ڕێگەی کەناڵە جۆراوجۆرەکانی میدیا و ماس میدیاوە کراوە، بە هەرسێ کەناڵی بینراو، بیستراو و خوێنراو. هەروەهاڕاگەیاندن ڕۆڵی هەیە لە گواستنەوەی بەها کۆمەڵایەتییەکان و لەئەستۆگرتنی بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و کولتوری و ڕۆشنبرییەوە (**بابەکر،2022 ،ل.13**). بۆیە ناکرێت گرنگی ڕاگەیاندن لە چاندنی بەها کۆمەڵایەتییەکان لەبەرچاو نەگرین بە هۆکاری ئەوەی زۆرینەی خەڵك بەکاری دەهێنن و کاریگەرییان لەسەر دروست دەکات، بەشداری دەکات لە چەسپاندنی بەها کۆمەڵایەتییەکان. (هارۆلد لازویل) پێیوایە، کە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان لە خێزانێك یان گوندێکی دابڕاو و دوور لە یەکتر دەژییان و تیکەڵی کەلتور و نەریتی کەسانی تر نەدەبوون، باوك یا دایك هۆکاری گواستنەوەی بەها کۆمەڵایەتییەکان بوون نەوە دوای نەوە. بەڵام لەگەڵ گەشەکردنی کۆمەڵگەکان و کرانەوەیان بە ڕووی یەکتردا بە پێچەوانەی ئەو دابڕانەی لە ڕابوردوودا هەیانبوو. لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە بەهاکان گواسترانەوە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر، چونکە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و سۆشیاڵ میدیا لە ئێستادا خاوەنی تایبەتمەندی گرنگن وەك دەنگ و ڕەنگ و جوڵە، خستنەڕووی بە شێوەی فۆڕمی نوێ دەبوونە هۆی چەسپاندنی بەها کۆمەڵایەتییەکان لای تاك (**عطوي،2022 ،ل.195**). دەتوانین بڵێین ڕاگەیاندن یەکێکە لە سەرچاوە و هۆکارە گرنگەکانی گواستنەوەی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، وە کاریگەری لەسەر ڕەفتاری تاکەکەسی لەڕێگەی فۆڕمی جۆراوجۆری ڕاگەیاندنەوە وەك( تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامەو ئینتەرنێت، پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا ، دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ چەسپاندنی بەهاکۆمەڵایەتییەکان لەکەسایەتی تاکدا، بۆ نموونە بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان، فیلم ودراما، ڕیکلام، لەخۆگرتنی دیمەنی لێبوردەیی و هاوکاریکردن و ڕاستگۆیی، کە هۆکارێکن بۆ بەهێزکردنی بەهاکۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەوەی لەژیانی خۆیاندا ئەم جۆرە ڕەفتارانە بنوێنن. لەلایەکی تریشەوەدەزگاکانی ڕاگەیاندن دەتوانێت کاریگەری نەرێنی لەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکان هەبێت بەزەقکردنەوەی دیمەن و ڕەفتاری توندوتیژی و شەڕ و زیان بەپێکهاتەی کۆمەڵایەتی بگەیەنێت.

**بەشی دووەم : بەها کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی زانایانی کۆمەڵناسی و خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو:**

**باسی یەکەم: بەها کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی زانایانی کۆمەڵناسییەوە**

## 1- ئەمیل دورکایم - Emile Durkheim (1917-1858)

بەها کۆمەڵایەتییەکان لای دورکایم ئەو کاتە دروستدەبێت، کە مرۆڤ بڕیار لە شتێك دەدات، ئەوەش بە لەبەرچاوگرتنی کۆمەڵێك بنەما و پێوەر، کە کۆمەڵگەکەی دایناوە، لە ڕووی ڕەفتار و بەهای ڕەفتارییەوە. ئەم پێوەرانە چەند یاسا و ڕێوشوێنێك لەخۆدەگرێت و جۆرێك لە جێگیریی پێوەیە، کە بە درێژایی کات و سەردەمەکان ئەو جێگیرییە لەدەستنادات لەنێو کۆمەڵگەدا، ئەمەش لە پێناو ڕێکخستنی جۆرەکانی ڕەفتار و هەڵسوکەوت، بۆیە بەها کۆمەڵایەتییەکان ئەو چوارچێوەیەن، کە سەرچاوەن بۆ بنەمای ڕەفتاری تاك و گروپەکان **(فیاض،2018،ل.20)**. هەروەها ئەمیل دورکایم جەخت لەسەر سروشتی بابەتی بەهاکان دەکاتەوە و ڕای وایە بەهاکان لە دەرەوەی ئێمەن و سەربەخۆن، پێویستە ئەو ڕاستییە کۆمەڵایەتییە لەبەرچاو بگرین، کە ژیانمان بەڕێوەدەبەن، ئەمیل دورکایم بانگەشەی ئەوە دەکات، کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە ڕاستییە کۆمەڵایەتیەکان پێکهاتووە، کۆمەڵگەش وەك سیستمی کۆمەڵایەتی کاردەکات و تێیدا دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان بەشدارن لە کارکردنی بەهاکان**(جلایی پور،2014،ل.481)**. دورکایم پێیوایە بەها دیاردەیەکی ئاکاریی و ئەخلاقییە، کە دەسەڵاتێکی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەو دەسەڵاتەش ڕێسای کۆمەڵایەتی بۆی داناوە، هەر ئەمەش وایکردووە ئەو ڕێسایە بیکاتە شتێکی پەیڕەولێکراو **(دورکایم،1996،ل 68)**. کۆمەڵگە لای دورکایم خۆی بۆ خۆی پرۆژەیەکی ئەخلاقییە، چونکە دەستەڵات و هێزێکی مەعنەوی پێدراوە و هەستێکی باڵاتری لە هەستی تاکەکانی هەیە، لەهەمان کاتدا ئەخلاق مەعریفەیەکی کۆمەڵایەتییە لای (دورکایم) چ لەڕووی دروستبوون چ لەڕووی پارێزگاریکردن لەخۆی، بەها کۆمەڵایەتیەکانیش لای (دورکایم) گشتگیروکامڵن **(دورکایم،1998،ل.58)**. هەربۆیە ئەمیل دورکایم پێیوایە، کە هەموو کۆمەڵگەیەکی مرۆیی سیستمێکی ئەخلاقیی هەیە وەك ڕاستییەکی کۆمەڵایەتی لێی دەڕوانێت و ئەم سیستمە ئەخلاقییە ڕۆڵی هەیە لە دابەشکردنی کاردا، کە لە کتێبی دابەشکردنی کاردا زیاتر جەختی لێ دەکاتەوە، کە ڕێسای ئەخلاقی لە تاکەکەسەکانەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو کۆمەڵگە خۆی گەرەنتی و دەستپێشخەرە بۆ بەهاکان، کەواتە بەهاکان دەرئەنجامی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانن، لەبەرئەوەی هەر کۆمەڵگەیەك سیستمێکی ئەخلاقیی تایبەت بەخۆی هەیە و تێیدا هەموو شتێك دیاری دەکات، کە ڕەزامەندی هەبێت لەسەری یان نا **(بکوش،2014،ل.76)**.دەتوانین بڵێین بەپێی بۆچونەکەی دۆرکایم کۆمەڵگە بنەڕەتی بەهاکانە و تاکەکان دەتوانن خۆیان لە کۆمەڵگەدا ڕێکبخەن، چونکە بەها کۆمەڵایەتییەکان پەیوەستن بە ڕەفتاری تاکەکان، هێشتنەوەی پەیوەندییەکان بە دروستی و گرنگ دەزانێت و لە غیاب و نەبوونی بەهاکاندا پەیوەندییەکان دروست و پۆزەتیڤ نابن، دورکایم باوەڕی وایە بەهاکان یەکێتی و هاوبەندی کۆمەڵایەتی دروست دەکەن و ڕێکخەری ڕەفتاری تاکەکەسن و هۆکارێکن بۆ ئاڕاستەکردنی ڕەفتاری تاکەکان، ئەم توێژینەوە باسکردنە لە ڕۆڵ و کاریگەری بەها کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی زانایانی کۆمەڵناسییەوە ، هەرکۆمەڵگەیەکیش بەهای تایبەت بەخۆی هەیە، کە ئەندامەکانی پەیڕەوی لێ دەکەن زۆرکات کۆمەڵگە و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان بەهاکان دادەڕێژن و بەردەوامی دەدەن بە ژیان، کە لە ڕاستیدا کۆمەڵگە گوزارشتە لە تۆڕێکی فراوانی پێکهاتوو لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتییە ئاڵوگۆڕ و ڕووبەڕووەکانی نێوان تاکەکان.

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**2- ماکس ڤیبەر – Max weber (1864- 1920)**

بە یەکێك لەو کۆمەڵناســـانە دادەنرێت، کە گرنگی بە تیۆری ڕۆڵ و ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان داوە، چونکە ڕۆڵی بەهاکان لە پرۆســـەی بەکۆمەڵایەتیبووندا بە گرنگ دادەنێت، لە کتێبی (تیۆری ڕێکخســـتنی ئابوری و کۆمەڵایەتی)دا زانســتی کۆمەڵناســی پێناســە دەکات بەو زانســتەی، کە توێژینەوە لەســەر کردەی کۆمەڵایەتی دەکات. لە دیدی ڤیبەرەوە کردەی کۆمەڵایەتی هەر چالاکی و جوڵەیەکە، کە تاك ئەنجامی دەدات و دەبێت پەیوەندی هەبێت بە بوونی تاکەکانی دیکە لە پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتیدا، چونکە ڕۆڵەکان کردەی تاکەکان دیاری دەکەن **(الحسن،2015،ل.160)**. ڤیبەر پێیوایە بە لەبەرچاوگرتنی بەهاکان، کە تاکەکان لە ڕەفتار و هەڵســوکەوتەکانیاندا پەیوەســتن پێوەی، لە بنەڕەتدا بۆ گەیشــتن بە ئامانجێکی دیاریکراوە، بەتایبەت کاتێك بکەری کۆمەڵایەتی بەپێی بەهایەکی دیاریکراو هەڵســـوکەوت دەکات، ئەو بەهایە ناچاری دەکات، کە شـێوازی هەڵسـوکەوتی خۆی بەپێی بەرژەوەندی ئاراسـتە بکات، لەلایەکی ترەوە کردەی کۆمەڵایەتی هەمیشـــە بکەرێك، کە ئەنجامی دەدات بۆ ســـەلماندنی بەها کۆمەڵایەتییە باوەکانە، لە بنەڕەتدا ئەو کردەیە بۆ ئەوە ئەنجام دەدات تاوەکو بەهایەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو بسەلمێنێت، کە لای گرنگە **(محمد،1966،ل.42)**.

هەروەها پێیوایە، کە بەهاکان تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی هەر کردەیەکی کۆمەڵایەتی ســـنوردار دەکەن، ئەمەش لەسەر بنەمای تێگەیشتن لە هەڵسوکەوتی ئەوانی تر، بۆیە بەشێوەیەك چاودێری کردەی تاکەکان دەکرێت وەك نیشاندەری حوکم لەســـەر کردەکانیان، لەســـەر ئەم بنەمایە ماکس ڤیبەر پێیوایە کردارەکان لە ڕێگەی پاڵنەری بکەرەکانەوە، کە لە کۆمەڵگەدا ئەنجامی دەدەن دیاری دەکرێن، واتە هەموو کردەیەکی مرۆیی لە بنەڕەتدا سەرچاوەیەکی بەهایی هەیە، کە تاك هاندەدات بۆ بە ئەنجامدانی**(أحمد،2006،ل.119)**.

هەر لەو چوارچێوەیەدا ماکس ڤیبەر کردە بەپێی هۆکار یان پاڵنەرەکەی بۆ سێ جۆر دابەش دەکات ئەوانیش:

**1. کردەی کۆمەڵایەتی ڕەمەکی یان هەڵچونی:**

کردەی کۆمەڵایەتی ڕەمەکی ئەو کردەوانەن، کە بەبێ بیرکردنەوەی پێشوەخت و بە شێوەی خۆرسك ئەنجام دەدرێن، پێچەوانەی کردەی لۆژیکین، چونکە سەرچاوەی کردەی لۆژیکی ئەو ژیانە کۆمەڵایەتیەیە، کە تاکەکان تێیدا دەژین، کردەی ڕەمەکی یاخود هەڵچون ئەو پاڵنەرە ئاژەڵییە، کە پاڵ بە بکەرەکەیەوە دەنێت بۆ تێرکردنی پێداویسـتییەکانی بێ بیرکردنەوە لە دەرەنجام، مرۆڤ چەندین ڕەمەکی هەیە وەك ئارەزووکردن بۆ (گوێڕایەڵی، خۆشـــەویســـتی، خاوەندارێتی، ترس و دایکایەتی).

sjh@univsul.edu.iq

### 2. کردەی کۆمەڵایەتی نەریتی:

جۆرێکە لە کردە، کە تاك لە ڕێگەی پەیوەستبونەوە بە داب و نەریتی ناو کۆمەڵگەکەیەوە وەریدەگرێت و فێری دەبێت، ئەم بەهایانەش کردەی مرۆڤ دیاری دەکەن و پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوروبەر ڕێکدەخەن، واتە بەشێکن لە کولتوری کۆمەڵگە و ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە پاراستنی یەکگرتویی کۆمەڵایەتی و گۆاستنەوەی بەها و نەریتەکان و شێوەی پەیوەندی نێوان تاکەکان، لە ڕێگەی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە وەك: (خێزان و خزمایەتی و پەیوەندی و هاوڕێ و گروپی یاری و مزگەوت و کەنیسە و ناوەندەکانی خوێندن)، تاك فێردەبێت و وەریدەگرێت و ئەم دامەزراوانەش نموونەی نەریتی کردەیی لە تاکدا دروست دەکەن و دەچێنن.

### 3. کردەی کۆمەڵایەتی ئەقڵانی:

بریتییە لەو کردەوانەی، کە پەیوەندی بە شێوازی بڕیاردان و هەڵسەکەوتی تاکەکانەوە هەیە، تاك هەوڵدەدات، کە کردەوەکانی بە شێوازێك بێت لەسەر بنەمای بەرژەوندیی و ئامانجی دیاریکراو، بەشێوەیەکی دروست بێت، لە پێناو وەرگرتنی متمانەی ناوکۆمەڵگە تاك خۆی بە نەرمونیان و پاکی پیشان دەدات هەر بەهۆی ئەم کردە و بەهایانەشەوە دەتوانێت ئامانجەکانی لە کۆمەڵگەدا بهێنێتە دی و دەبێتە جێگەی پێزانینی لەلایەن تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگەوە و پابەندبوونە بە بەهایەکی دیاریکراوەوە، کە بۆ تاك جێگەی بایەخە (**الداهري،2011،ل.391**).

دەتوانین بڵێین ماکس ڤیبەر پێیوایە کە بەها کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی چارەنووسسازیان هەیە لە دارشتنی کۆمەڵگە و دامەزراوەکانیدا، جەختی لە گرنگی تێگەیشتن لەو بەها و باوەڕانە کردەوە کە بنەمای پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانن و کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری مرۆڤ هەیە، ڕەفتاری تاك و گروپەکانیش، بۆ هێنانەدی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی یان چارەسەرکردنی پرسە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجام دەدرێن، ئەم سێ جۆرەی کردە دەتوانرێت بۆ بەرەوپێش خستنی بەها کۆمەڵایەتییەکان ئاراستە بکرێت، بە گشتی شیکارییەکانی ماکس ڤیبەر بۆ بەها کۆمەڵایەتییەکان، لەسەر تێگەیشتن لە چۆنیەتی بیروباوەڕ و بەهاکان کە کۆمەڵگە لە قاڵب دەدەن و کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری مرۆڤ هەیە.

### 3- **تالکۆت پارسۆنز - Talcott parsons (1902- 1972)**

تالکۆت پارسۆنز پێیوایە بەها کۆمەڵایەتییەکان سەرچاوەکەیان بونیادی کولتوری کەسێتی و کۆمەڵایەتییە، کە پێکدێت لە شێوەکانی ڕەفتار و هێماکان، کە لە رابوردوودا وەریگرتوون، پارسۆنز وای دەبێنێت پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ کرداری کۆمەڵایەتی تاکەکان، چونکە ئەو بەها و پێوەرانە لایەنی فیزیکی کار و کرداری تاك نیشاندەدەن، بە هۆکاری ئەوەی مرۆڤ هەر لەسەرەتای لەدایکبونییەوە بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و دابراو نییە لە ژینگە و بەریەککەوتنی کۆمەڵایەتی(**دیلانی،2017،ل.715**). هەندێك پێیانوایە تالکوت پارسۆنز کردەی کۆمەڵایەتی و سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانیش بە بابەتێکی گرنگ و پربایەخ دادەنێت لە توێژینەوەو زانستی کۆمەڵناسیدا(**الفوال،1982،ل.163**). بەها کۆمەڵایەتییەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا کۆی ژیانی تاك و گروپەکان و دامەزراوەکانی لەسەر بونیاد دەنرێت، پارسۆنز جەخت لەوە دەکاتەوە، کە بەهاکان دەبنە هۆی دیاریکردنی کرداری

کۆمەڵایەتی و چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکەشی، کە خۆی لە سێ ڕۆڵدا دەبینێتەوە، ڕۆڵی بکەر، ئەو هەل و مەرجەی تیایدا دەژی، ڕۆڵی ئاراستەکان واتە: (پارسۆنز) لە ڕێگەی بیرو هزری مرۆڤەکانەوە دەڕوانێتە ژیانی کۆمەڵایەتی بە تایبەتیش پێوەر و بەهاکان، پێیوایە پێوەرەکان بنەما کۆمەڵایەتییە قبوڵکراوەکانن، کە مرۆڤ بۆ بڕیاردان لەسەر کردارەکانی بەکاریان دەهێنێت، بەهاکان پێویستی کۆمەڵایەتین، کە کاریگەرییان لەسەر ژیان و کارەکانی ئەندامانی کۆمەڵگە هەیە(**کریب،2008،ل.74**). دەتوانین بڵێین بەها کۆمەڵایەتییەکان لای تالکوت پارسۆنز بریتین لەو بیروباوەڕ و نۆرمە هاوبەشانەی کە کارلێکی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگایەکدا بەڕێوەدەبەن، ئەو پێیوایە ئەم بەهایانە یارمەتیدەرن بۆ ڕێکخستنی ڕەفتار و ڕێنمایکردنی تاکەکان لە کارلێککردنیان لەگەڵ یەکتریداو یارمەتیدەرو بەشدارن، کەڕۆڵ وکاریگەری لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ژیانی کۆمەڵایەتی هەیە، هەروەها بەهاکان هۆکارێکن بۆ ڕێکخستنی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاکەکان، پێوەری دیاریکردنی چاکە و خراپەن و یارمەتیدەرن بۆ پاراستن و ڕێکخستنی سیستمی کۆمەڵایەتی.

**باسی دووەم: خستنەڕوو و گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو**

أ- خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو

**1- توێژینەوەی عەرەبی:**

توێژینەوەی (سويسي عبدالعزيز، 2023)، بە ناونیشانی (دور المعلم في تعزيز قيم الاجتماعية لدى التلاميذ).

(ڕۆڵی مامۆستا لە پێشخستنی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە نێو خوێندکاراندا)

ئامانجی توێژینەوەکە : تێگەیشتن لە ڕۆڵی مامۆستایان لە پەرەپێدانی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە کەسایەتی خوێندکاراندا و، دەرخستن و دیاریکردنی ئەو بەها کۆمەڵایەتییانەی، کە مامۆستایان زیاتر هەوڵی چاندنیان دەدەن لە ناوەندەکانی خوێندندا، ئەم توێژینەوەیە میتۆدی وەسفی شیکاریی بەکارهێناوە ، جۆری توێژینەوەکەی تێکەڵاوە جۆری (چەندێتی، چۆنیەتی)ە، جەختی کردۆتەسەر کۆکردنەوەی زانیاریی و شیکردنەوەی ئاماری بۆ دەرهێنانی ئەنجامەکان، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی خوێندنگە سەرەتاییەکانی حجاج الحاج لە پارێزگای ورقلة بووە، ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە خوێنکارانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی بووە، لە ڕێگەی فۆرمی ڕاپرسی بۆ (70) خوێنکارو، جۆری توێژینەوەکەی مەبەستداربووە.. لە کۆتایدا گەیشتوتە کۆمەڵێك دەرئەنجام لەوانە: مامۆستایان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە پەرەپێدانی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە کەسایەتی خوێندکاراندا. کاریگەری ئەرێنی کردارەکانی مامۆستایان لەسەر هاندان و پاڵپشتی بۆ بەهاکانی ڕێزگرتن، هاوکاریی، پابەندبوونی کۆمەڵایەتی لای خوێندکاران. دەستنیشانکردنی ئاستەنگەکان، وەك پێویستی ڕاهێنانی زیاتر بۆ مامۆستایان و خستنەڕووی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە پرۆگرامەکانی خوێندندا.

2- توێژینەوەی ئینگلیزی:

1) توێژینەوەی (Nadan Devki, 2023)، بەناونیشانی (Understanding Role of Social Values in Higher Secondary School Students: Educational and Social Development Perspective)

(تێگەیشــتن لە ڕۆڵی بەها کۆمەڵایەتییەکان لای خوێندکاران قۆناغی ناوەندی: ڕوانگەی گەشــەپێدانی پەروەردەیی و دەروونی)

ئامانجی توێژینەوەکە : دەرخســتنی گرنگی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە گەشــەی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی خوێندنگە ئامادەییەکان. تێگەیشــتن لە پەیوەندی نێوان بەها کۆمەڵایەتییەکانو دەســتکەوتی پەروەردەیی لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی. دیاریکردنی بەشداری و ڕۆڵی خوێندنگە، خێزان، پەروەردە و کۆمەڵگە لە گەشـەپێدانی بەها کۆمەڵایەتییەکان. ئەم توێژینەوەیە پشـتی بە شـێوازی پێداچونەوەی ئەدەبیات و شـیکردنەوەی توێژینەوە بەردەسـتەکان بەسـتووە، کێشــەی توێژینەوەکە هەڵســەنگاندنی ڕۆڵی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە گەشــەی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی خوێندکارانی خوێندنگە ئامادەییەکان، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی خوێندنگە ئامادەییەکان و، نموونەی توێژینەوەکە توێژەرانی تایبەتمەند لە بواری پەروەردەدا بووە. لە کۆتایدا گەیشــتوتە کۆمەڵێك دەرئەنجام لەوانە: بەها کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵ و گرنگیان هەیە، لە خۆشــگوزەرانی و گەشــەی خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی. گرنگی ڕۆڵی پرۆســەی پەروەردە لە پەرەپێدانی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە ئاراستەکردنی ڕەفتاری خوێندکاران. توێژینەوەکە خێزان، مامۆستایان، گروپی هاوڕێ و هاوتەمەنان و کۆمەڵگە، وەکو ســەرچاوەی گرنگی بەها کۆمەڵایەتییەکان دەســتنیشــان دەکات. خســتنەڕووی گرنگی بەها کۆمەڵایەتییەکان بۆ گەشەپێدانی هەستی خۆشەویستی، ڕێز و سۆز، دڵسۆزی و متمانەی خوێندکاران.

**ب- گفتوگۆی توێژینەوەکان:**

پاش خوێندنەوە و تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشــوو بە شـێوەیەکی گشــتی، ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی ناونیشــان و جوگرافیای کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە توێژینەوەکانی پێشــوو جیاوازترە، بەڵام دەمانەوێت بە شـێوەیەکی وردتر لە چەند ڕوویەکەوە ئەم توێژینەوەیە بە توێژینەوەکانی پێشوتری خۆی بەراورد بکەین:

1- کێشــەی توێژینەوەکان: هەریەکە لە توێژینەوەکانی( ســویســی، Devki) جەخت دەکەنە ســەر ئەوەی ئایا خوێندنگە ئامادەییەکان توانیویانە بەها کۆمەڵایەتییەکان لای خوێندکاران جێگیربکەن، و ڕۆڵیان هەبێت لە پەرەپێدانی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە کەســێتی خوێندکاردا. هەروەها هەڵســەنگاندنی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە گەشــەی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی خوێندکارانی خوێندنگە ئامادەییەکان، توێژینەوەکەی(ســویســي) بۆ هەڵســەنگاندن و تێگەیشــتنە لە ڕۆڵی مامۆســتایان لە پەرەپێدانی بەها کۆمەڵایەتییەکان لای مامۆســتایان و خوێندکارانی بازنەی دووەم قۆناغی پێنجەمی بنەڕەتی، بە گشتی ئەم توێژینەوانەی کە باسکران لەڕووی کێشەی توێژنەوەوە جیاوازن لە توێژینەوەکەی ئێمە.

2- جۆری توێژینەوەکان: توێژینەوەکەی (ســویســي) لە جۆری چەندێتی و چۆنێتی (تێکەڵ)ن، توێژینەوەکەی (Devki) جۆری پێداچونەوەی ئەدەبیات و شـیکردنەوەی توێژینەوە بەردەسـتەکان بووە. بەڵام توێژینەوەکەی ئێمە توێژینەوەیەکی تیۆرییە.

3- میتۆد و شێوازی توێژینەوەکان: توێژینەوەی(سویسي) شێوازی وەسفی شیکاریە ، هەروەها توێژینەوەکەی ((Devki) تەنها میتۆدی بەراوردکاری بەکارهێناوە، بەڵام توێژینەوەکەی ئێمە توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە، بە وەرگرتنی هەموو ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە.

4- جۆری نمونەی توێژینەوەکان: توێژینەوەی (سویسي) جۆری نمونەی مەبەستداربووە، بەڵام توێژینەوەکەی (Devki ) شیکردنەوەی توێژینەوە بەردەستەکان بووە. هەروەها جۆری توێژینەوەکەی ئێمە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان وەرگرتووە کە ئەمەش خاڵی جیاوازی جۆری نمونەی توێژینەوەکەمانە.

5- ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکان: توێژینەوەی (سویسي) فۆرمی راپرسی و چاوپێکەوتنی بەکارهێناوە، ، بەڵام توێژینەوەی (Devki) هیچ ئاماژەیەکی نەداوە بە بەکارهێنانی ئامرازێکی دیاریکراو، تەنها توێژینەوەیەکی پێداچونەوە بووەو مەیدانی نەبووە، بەڵام توێژینەوەکەی ئێمە توێژینەوەیەکی تیۆرییە کە پشتمان بەستووە بەتوێژینەوەکانی پێشوو، خوێندنەوەی ڕای زانایانی کۆمەڵناسی دەربارەی بەها کۆمەڵایەتییەکان.

7- ئامانجی توێژینەوەکان: توێژینەوەی (سویسي، Devki) لە رووی ئامانجەکانەوە جەخت لە دەرخستن و دیاریکردنی ئەو بەها کۆمەڵایەتیانەی، کە مامۆستایان زیاتر هەوڵی چاندنیان دەدەن لە ناوەندەکانی خوێندندا ، ئامانجەکانی ئەم توێژینەوانەی خرانە ڕوو جیاوازن لە ئامانجی توێژینەوەکەی ئێمە، چونکە ئامانجی توێژینەوەکەی ئێمە دەرخستنی ڕای زانایانی کۆمەڵناسییە دەربارەی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەدا. هەروەها لەم توێژینەوەیەدا دەگەینە کۆمەڵێك ئەنجام کە لە کۆتایدا دەیخەینەڕوو.

**بەشی سێیەم : ئەنجامەکانی توێژینەوەکە**

**لە کۆتایدا گەیشتین بەم ئەنجامانە:**

1- گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە زانایانی کۆمەڵناسی کۆکن لەسەر گرنگی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەدا، پێیانوایە کە کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری تاکەکان هەیە و یەکگرتوویی و هاودەنگی کۆمەڵایەتی بەرەوپێش دەبەن.

2- بەها کۆمەڵایەتییەکان دیاردەیەکی ئاکاریی و ئەخلاقییە، کە دەسەڵاتێکی تایبەت بەخۆی هەیە و پێویستە ئەو ڕاستییە کۆمەڵایەتییە لەبەرچاو بگرین، کە ئەم بەها کۆمەڵایەتیانە ژیانمان بەڕێوەدەبەن لە کۆمەڵگەدا.

3- زانایانی کۆمەڵناسی پێیانوایە بە لەبەرچاوگرتنی بەها کۆمەڵایەتییەکان، کە تاکەکان لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانیاندا پەیوەستن پێوەی، لە بنەڕەتدا بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراوە، بەتایبەت کاتێك بکەری کۆمەڵایەتی بەپێی بەهایەکی دیاریکراو هەڵسوکەوت دەکات لەگەڵ کەسانی دەوروبەری.

4- تاك لەڕێگەی خێزانەوە بەها کۆمەڵایەتییەکان وەردەگرێت، خێزان یەکەمین دامەزراوەیە لە کۆمەڵگەدا و یەکەم خاڵی دەستپێکردنی پێشکەوتنە، واتە باشکردنی خێزان دەبێتە باشکردنی هەموو کۆمەڵگە، تاك لە خێزاندا لەدایك دەبێت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تێدا گەشەدەکات.

5- دامەزراوەی کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی گرنگ لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا دەگێڕن و سەرچاوەن بۆ بەها کۆمەڵایەتییەکان و دەبنە بنەمایەك بۆ بونیادنانی کەسایەتی و پێدانی بەهاکان بە تاك، کاریگەریان هەیە لەسەربیرکردنەوەو ڕەفتاری مرۆڤ..

6- بەها کۆمەڵایەتییەکان جیاوازن لە کۆمەڵگەیەك بۆ کۆمەڵگەیەکی تر، لە هەر کۆمەڵگەیەکیشدا واتا بە ژیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەبەخشن.

7- توێژینەوەکە خێزان، خوێندنگە وگروپی هاوڕێ و دامەزراوەکانی تری کۆمەڵگە، وەکو سەرچاوەی گرنگی بەها کۆمەڵایەتییەکان دەستنیشان دەکات.

**لیستی سەرچاوەکان :**

**1- سەرچاوە کوردییەکان:**

. ئەلحەسەن، ئیحسان محمد، 2012، *ئینساکلۆپیدیای کۆمەڵناسی*، و. دانا مەلا حەسەن، چاپی یەکەم، سلێمانی: چاپ و پەخشی سەردەم، ل. 265.

. ئیسماعیل، بابان، 2022، *بەها کۆمەڵایەتیەکان لە پەروەردەی منداڵ*، چاپی یەکەم، (ب. ش): چاپخانەی تاران، ل. 9.

. ئیسماعیل، دیار، ئەوانی تر، 2004، *ئەنترۆپۆلۆجیا و لێکۆڵینەوی تیۆری*، چاپ یەکەم، هەولێر: چاپخانەی دەزگاو پەخشی ڕێبین، ل. 222.

. بابان، ئەوانی تر، 2017، *بەکۆمەڵایەتیکردن و گەشەی منداڵ*، چاپ یەکەم، (ب. ش): چاپخانە تاران، ل. 171.

. بابەکر، بیلال حمە، 2022، *ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لەهەرێمی کوردستان*، چاپی یەکەم، سلێمانی: دەزگای زەهاوی، ل. 13.

. دیلانی، تیم، 2017، *تیۆرە کلاسیکەکانی کۆمەڵناسی*، و. خالید شێخانی، چاپی یەکەم، سنە: چاپخانەی بیریار، ل. 715.

. علیزادە، خالد، 2017، *کۆمەڵناسی ئایین*، چاپی یەکەم، سەقز: چاپخانە ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی گوتار، ل. 20.

. عنایە، غازی، 2009، ئامادەکردنی توێژینەوەی زانستی، چاپی سێیەم، و. بەهرە محمد علی، کۆمەڵەی ئارا بۆ توێژینەوەی زانستی، ل. 20.

. کریپ، ئیان، 2008، *تیۆری کۆمەڵایەتی لە پارسۆنزەوە تا هابرماس*، و. ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، چاپی یەکەم، (ب. ش): چاپخانەی ڕوون، ل. 74.

. سدیق، فواد، 2015، *دەرونزانی کۆمەڵایەتی*، چاپ یەکەم، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ل. 50.

. السـمالوطی، نبیل، 2022، بونیادی تیۆری لە کۆمەڵناسـیدا، و. ئارام ئەمین شـوانی، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ناوەندی فێربوون، 174.

. شـوانی، محمد، 2015، سـەرەتایەك بۆنوسـینی تویژینەوە لە کۆمەڵناسـیدا، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی هێڤی، ل. 202.

. محمد، فائیز ئیبراهیم، 2013، *کۆمەڵناسـی خووگرتن بە مادە هۆشـبەرەکان*، چاپ یەکەم، هەولێر: چاپخانە ڕۆژهەڵات، ل. 194.

. وەلەدبەگی، ئەکبەر، 2009، کۆمەڵناسی بۆ ژیان، و. خالید حسین، چاپی یەکەم، سلێمانی ، چاپخانەی گەنج.

**2- سەرچاوە عەرەبییەکان:**

**.** أحمد،سمير نعيم، 2006، *النظرية في علم الإجتماع*، الطبعة الثانية، القاهرة: دار المعارف، ص. 119.

. احمد، رشـوان حسـن عبدالحميد، 2002، *التربية والمجتمع*، المكتبة العربية الحديث، طبعة الاولى، ميصـر: دار الكتاب للتوزيع، ص. 82.

. أبو مغلى، سـميع و عبدالحافظ سـلامة و فدوي أبو دراحة، 2002، *التنشـئة الاجتماعية للطفل*، الطبعة الاولى، عمان: دار اليازوري العلمية للنشر و التوزيع، ص. 165.

. الأزرق، سامى عبدالكريم، 2008، العلاقات الاجتماعية بين الأطباء و المرضى، ديمشق ، سوريا دار الشجر.

. بكوش، الجموعى مؤمن، 2014، "مقارنة نفسـية الإجتماعية"، *مجلة دراسـات والبحوث*، جامعة الوادى،العدد 8، ص. 76.

. الجمل، على احمد، 1996، *القيم ومناهج التاريخ الإسلامى*، بدون طبع، القاهرة: علم الكتب للنشر والتوزيع، ص. 23.

. دوركايم، اميل، 1996، *علم الإجتماع و الفلسفة*، تر. حسن أنيس، الطبعة الأولى، القاهرة: مكتبة الأنجلو، ص. 68.

. دوركايم، اميل، 1998، *قواعد المنهج فى علم الإجتماع*، تر. محمود قاسم محمد بدوى، الأسكندرية-مصر: دار الجامعية، ص. 58.

. الداهري، صالح حسن أحمد، 2011، *إساسيات علم الإجتماع النفسي التربوي و نظرياته*، الطبعة الأولى، عمان، الأردن: دار الحامد للنشر والتوزيع، ص. 391.

. وصفى، عاطف، 1981، *الانثر و بولوجيا الاجتماعية*، الطبعة الثالثة، بيروت: دار النهضة العربية، ص. 98.

. الحسن، احسان محمد، 2015، *النظريات الإجتماعية المتقدمة*، الطبعة الثالثة، عمان: دار وائل للنشر، ص. 160.

محمد، شيخ و ياسر الدوسري، 1966، *مقاربات في الحداثة و مابعد الحداثة* (حوارات منتقات من الفكر المانى)، بيروت: دار الطليعة، ص. 42.

. موسى، فاروق فتاح، 2004، *أسس السلوك الانساني مدخل الى علم النفس العام*، الطبعة الثانية، مصر: مكتبة زهراء الشرق، ص. 37.

. سويسي عبدالعزيز(2024): دور المعلم في تعزيز قيم الاجتماعية لدى التلاميذ، ماجستر، نشر ،كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، جامعة قاصدي مرباح ورقلة.

العميان، محمد سلمان، 2002، السلوك التنظيمى في المنظمات الأعمال، ط 1، عمان: دار وائل للنشر و التوزيع، ص. 109.

. عامر، مصباح، 2002، *التنشئة الإجتماعية والسلوك الإنحرافى التلميذ المدرسة الثانوية*، الطبعة الاولى، (ب. م): ديوان مطبوعات الجامعية، ص. 85.

. عطوي، نادية، 2022، *دور مواقع الأجتماعية في ترسيخ القيم الاجتماعية*، رسالة منشورة في مجلة رؤي للدراسات المعرفية والحضارية، العدد 1، المجلد 6، جامعة محمد لمين دباغين ستيف2، الجزائر، ص. 195.

. فياض، حسام الدين محمود، 2018، مؤسس علم الإجتماع الحديث اميل دوركايم المنهج التفسيرى في دراسة الظواهر الإجتماعية كأشياء (دراسة في علم الإجتماع البنائى)، الطبعة الإولى، مكتبة نحو علم الإجتماع تنويرى، ص. 20.

. الفوال، صلاح مصطفى، 1982، *معالم الفكر السيوسيولوجى المعاصر*، القاهرة: دار الفكر العربى، ص. 163.

**3- سەرچاوە فارسییەکان:**

. بيرو، ألن، (1391) 2013، فرهنگ علوم اجتماعى، ت. باقر ساروخانى، چاپ چهارم، تهران: كيهان، ص. 30.

. جلايى پور، حميد رضا، (1392) 2014، *نظريه هاى متاخر جامعه شناسى*، چاپ پنجم، تهران: نشرنى، ص. 481.

. حسينى، فاطمه، محمد رضا و احمدى، (1399) 2021، ارزش هاى اجتماعى و تحولات فرهنگى تهران، چاپ اول، (ب. م)، انتشارات سمت، ص. 212.

. نجاتى، حسين، (1387) 2009، *نقش تربيتى پدر در خانواده*، چاپ اول، تهران: انتشارات ندا، ص. 54.

. شيخاوندى، داور، (1384) 2006، *جامعه شناسى انحرافات و مسائل جامعيتى ايران*، چاپ اول، تهران: نشر قطره، ص. 124.

. گود، وليام جى، (1388) 2010، *خانواده وجامعه*، تر. ويدا ناصحى، چاپ اول، تهران: بنگاه وترجمه نشر كتاب، ص. 45.

**4- سەرچاوەی ئینگلیزی:**

Social Values in Devki Nandan Sharma, 2023, GLA University, Understanding Role of Higher Secondary School Students: Educational and Social Development Perspective, Article, Released.

## القيم الاجتماعية من وجهة نظر علماء الاجتماع

## دراسة نظرية تحليلية

**(هذه ورقة بحثية مأخوذة من رسالة ماجستير)**

**ملخص البحث**

تعد هذا البحث وصفياً تحليلياً يتناول تحليل دور القيم الاجتماعية من منظور علماء الاجتماع، حيث تمثل القيم الاجتماعية موضوعاً محورياً في توجيه سلوك الفرد والمجتمع. تكتسب هذه القيم أولاً من الأسرة باعتبارها المؤسسة الأولى التي يتعلم فيها الطفل القيم الاجتماعية في المجتمع، ثم تتولى المؤسسات الاجتماعية الأخرى مثل المدارس والمؤسسات الدينية وجماعات الأقران ووسائل الإعلام مسؤولية تعزيز هذه القيم وترسيخها، وذلك بهدف الحفاظ على التوازن والاستقرار في العلاقات الاجتماعية. تستعرض هذه البحث آراء علماء الاجتماع حول القيم الاجتماعية وعلاقتها بأفعال وسلوكيات الأفراد في الحياة الاجتماعية، بهدف توضيح وفهم دور القيم الاجتماعية من منظور علماء الاجتماع (إميل دوركايم ، ماكس فيبر ، تالكوت بارسونز). يرى هؤلاء العلماء أن القيم الاجتماعية تشكل، بصورة عامة، عاملاً أساسياً لتحقيق الوحدة والحفاظ على النظام الاجتماعي والتفاعل بين الأفراد، كما أنها تعد الآلية الأساسية لنقل القيم الاجتماعية من جيل إلى آخر .

خلصت الدراسة إلى أن الفرد يكتسب القيم الاجتماعية من خلال المؤسسات الاجتماعية، والتي تصبح بمثابة الأساس لبناء شخصية الفرد في المجتمع.

الكلمات المفتاحية: القيم الاجتماعية، علماء الاجتماع، العلاقات الاجتماعية، المؤسسات الاجتماعية، السلوك الاجتماعي.

sjh@univsul.edu.iq

# Social values, from the perspective of sociologists, analytical theoretical study

**Abstract**

This is a descriptive analytical study that discusses the analysis of the role of social values from the perspective of sociologists. This is because social values are a key subject in directing individual and collective behaviour, initially acquired within the family as the primary entity where the child learns the social values of society. After the family, other societal institutions such as schools, religious institutions (mosques and churches), peer groups, and media organizations take on this role, aiming to preserve the balance and health of social relations through these institutions.

This research presents the views of sociologists regarding social values in relation to the actions and behaviours of individuals in social life, with the aim of clarifying and understanding the role of social values from the perspective of sociologists (Émile Durkheim, Max Weber, Talcott Parsons). These scholars generally believe that social values are a factor in the cohesion and preservation of the social system and the interaction between individuals, and are instrumental in transmitting social values from one generation to another. The study also concluded that individuals acquire social values through social institutions, which become a basis for building the individual's personality in society.

**Keywords**: social values, sociologists, social relations, social institutions, social behaviour

sjh@univsul.edu.iq